# ئەم رچەیە هاسان نەشکاوە

ئـەمرۆ ٣١ی جۆزەردانـە، رۆژێکی لـەبیر نـەکراوەیـە لـە مێژووی بزوتنـەوەی شۆڕشـگێڕانەی کوردسـتان و کۆمەڵە. ئازیزی ئەو رۆژە هێندەیە کە لە دایکبوونی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەی بە ناوەوە کراوە.

لەو رۆژەدا و لە ساڵی ١٣٥٧، هەشت مانگ بەر لە داتـەپینی رژیمی نگریسی پاشایەتی، هـاورێی ماندوویی نـەنـاس و ئـازاردیتووی گرتووخانـەکـان، هـاورێ سـەعیدی مـوعینی ناسـراو بـە «خانـە» لـە گـەڵ دەسـتەیـەک لـە پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کەوتنە بۆسەی بەکرێگیراوانی رژیمی فاشیست و سەرکوتکەری بەعس و گیانی خۆی لە پێناوی هیوا و ئاواتە بەرزەکانی، بۆ بەدیهێنانی دنیایەکی بێ بەری لە ستەم و چەوساندنەوە بەخت کرد و بوو بە یەکەمین هەسێرەی کاروانی ئەندامان و سەرقافڵەی گیانبەختکردوانی کۆمەڵە.

پـاش ئـەوەی رژیمـی کۆنـە پـارێز و سـەرکوتکـەری کۆمـاری ئیسلامی قـازانج و بـەری راپـەرینـی بـەریـن و جەماوەری کۆمەڵانی مـەینـەت دیتووی ئێران و کوردستانی لـە پاوان گرت و ویستی گڕی شـۆرش داکوژێنێ، پاش ئەوەی دامودەزگای سەرکوت و تاوانی ئەو رژیمە بە ئاشکرا کەوتە خۆ تا دواین هەناسەکانی شۆڕشخوازی بتاسێنێ، پاش ئەوەی کوردستان وەک سەنگەری هەرە پێشەوەی مافخوازی کرایە نیشانەی تیری ژاراوی حکومەتی ئیسلامی و مەبەستی بوو بیخنکێنێ، ئەودەم بوو کە بە کردەوە لە گەڵ قەڵغانی بەرگری و بەربەرەکانێیەکی بـەریـن و جـەمـاوەری لە کوردستاندا بەرەوروو بووەوە.

کۆمەڵە شێلگیرترین هێزی سیاسی بوو کە هەر لە سەرەتاوە بە بێ دڵەراوکێ و رارایی لە ناوەرۆکی گـەنـدەڵ و نیازی دژی ئینسانی رژیمی تازە پێگەیشتووی ئیسلامی گـەیشت و یـەکـەم بـانگی خـۆڕاگری بـەرزکـردەوە و یـەکـەم بەردی بناخەی بەرگری لە سەنگەرەکانی شـۆرش و داخوازیـە رەواکانی کۆمـەڵانی کرێکار و زەحمـەتکێش و خـەڵکی ستەمدیدەی کوردستان و ئێران و ئامانجە سەرەکییەکانی شۆڕش دانا.

بەمجۆرە بوو کە بناخەی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە بە روانگەیەکی سوسیالیستی و شۆڕشگێرانە بۆ بەرگری و پارێزگاری لە هەموو هیوا و ئاواتە خنکاوەکانی زۆرینەی کۆمەڵگا، واتە کرێکاران و زەحمەتکێشان بە کردەوە هاتە مەیدان و ٣١ی جۆزەردان بوو بە رەمزی لەخۆبووردووئی و فیداکاری و بە رۆژی پێشمەگەی کۆمەڵە ناودێر کرا.

ناوی پێشمەرگە و بەرگریکردنی چەکدارانە لە بەرامبەر زۆرداران و ستەمکاران لە کوردستاندا و لە مێژووی پڕ لە هەوراز و لێژی ئەم ناوچە ژێردەستەکراوە، وشە و دیاردەیەکی نامۆ نەبوون و داهێنراوی کۆمەڵەش نین. ئـەمـە راسـتە، بـەڵام راسـتییەکـی دیکـەش ئـەوەیـە کـە سـەرهـەڵـدانی هێـزی پێـشمەرگـەی کۆمـەڵـەش خـۆی لـە خۆیـدا دووبارەبوونەوەیەکی میکانیکی لە سەر هەمان رەوت و شێوازی پێشوو نەبوو، شینبوونەوەیەکی ئاسایی لەسەر رەگی هەمان بیرو بۆچوونی کۆن نەبوو. ئەگەرچی رەگی ئەمیش لە ستەم و زۆرداری بێ ئەوپەڕ لە کوردسـتان ئـاوی دەخواردەوە و گەرای ئەمیش لە خەبات و بەربەرەکانێ لە دژی ئەو ستەم و زۆردارییە فرچکی دەگرت، بەڵام دیتن و روانین و ئاسۆیەکی دیکەی مەبەست بوو، رێگاوشوێن و زمان و گفتولفتێکی دیکـەی هێنایە کایـەوە. کـەرەسـەیـەکی دیکەی بەدەستەوە بوو بۆ روخاندنی کۆن و دنیایەکی دیکەشی بۆ بنیادنانەوەی نوێ مـەبـەسـت بـوو. هـەمـوو ئـەمـانـە وشە و تێڕوانین و سوننەتێکی تازە بوون. گرینگی ئەو لە دایکبوونەش لەو نوێکارییە دایە.

هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە بوو بە باسکی بە هێز و چەکداری بەرگریکردن لـە کرێکـاران و زەحمـەتکێشان و لـە ویست و داخوازییە رەواکانی خـەڵکی کوردسـتان. بوو بـە زەبـری لێبڕاوانـەی تێکۆشـان بـۆ بـەدیهێنـانی دنیایـەکی عادڵانەی سوسیالیستی، بـۆ رماندنی داب و رەسـم و یاسـای بۆگـەنیوی کـۆن و مل نـەدان بـە کۆنـەپـەرستی، بـوو بـە قەڵغانی پارێزگاری کردن لە جووڵانەوەی ژنان و بە کردەوە بواری بۆ بەشداری ئەم هێزە هەمیشە بە کۆیلەکـراوەی کۆمەڵگا خۆش کرد، تا بتوانێ راستەوخۆ دەوری خۆی لە گۆڕانکاری قووڵی کۆمەڵایەتیدا بگێرێ.

ئێستا رەورەوەی ئـەم بـەرگری و خۆراگرییـە زیـاتر لـە چارەکـە سـەدەیـەکە لـە گـەڕدایـە و بـەردەوامـە. لـەم ماوەیـەدا رێگایـەکـی دژواری پـر لـە کـەندولـەند بڕاوە و هـەزاران ئینسانی ژن و پیـاو بـە ریـزی پێشمەرگـەی کۆمـەڵـە پەیوەست بوون، تا ئەرکی کۆمەڵایەتی و شۆڕشگێرانەی خۆیان لە پێناو پارێزگاری لـەو ئامانجـە بـەرز و پیرۆزانـەدا بگێرن. ژمارەیـەکی بـەرچـاوی ئـەم ئازیزانـە لـە مـەیدانـەکانی بـەرەورووبوونـەوە لـە گـەڵ ماشینی جـەنگی دەسـەڵاتی

ئیسلامیدا گیانی خۆیان بەخت کردووە. هەموو ئەمانە هاورێیانێکی ئازیز بوون کە شۆرشگێرانە و لەخۆبوردوانە، بە بێ ئەوەی شتێکیان بۆخۆیان گەرەک بووبێ، هەموو سەرمایەی ژیانی خۆیان لەپێناو بەختەوەی گشتدا بەختکردووە.

ئێستا کاتێک ئاوڕ لە دواوە دەدەینەوە، دەبینین کە ئەم هێزە و ئەم بیرە نوێیە سەرەای هەموو کەوتن و هەستانەوەکان، سەرەڕای دابڕان و لێکترازانەکان، سەرەرای هەموو دژوارییەکان ڕێگایەکی گەلێک بە نرخ و پربایەخی بڕیوە، هەر لەم ڕێگایەشەوە گەلێک دەستکەوتی گرانمایە و بنیاتنەر هاتونەتە دەست و چەسپاون کە جێگای شیاوی خۆیان لەناو کۆمەڵگادا کردۆتەوە.

ئێستا سالانێکی زۆر لەو ڕۆژگارە مێژوویانە تێپەریوە و دەرس و ئەزموونەکانیشی بۆ مێژوو و بۆ بەرەی ئێستا و داهاتوو هەروا جێگای لێفێربوون و کەلک لێوەرگرتنە. ئێستا زیاتر لە هەموو دەم دەرکەوتووە کە مرۆڤ کەی دەتوانێ پەتی ئەستوری زۆرداری بقرتێنێ، ئەگەر دەستی لە ناو دەستی یەکدا نەبێ و کۆمەڵ نەبێ؟! چۆن دەکارێ دنیای روناک بئەنگێوێ ئەگەر بەرچاوی خۆی رووناک نەبێ و لەودیو روخانی زۆرداری بیری دنیای ئاوەدانی و ئاسودەیی لە مێشکیدا گەرای نەبێ؟! چۆن بۆی دەلوێ بەگژ هەورا بچێ، چۆک بە قەلای زۆردار بێنێ، ئەگەر بیری ورد و باسکی بەهێز ئامێژەنی یەکتر نەبێ؟! چۆن دەتوانێ پاش هەر کەوتن، هەستێتەوە، تۆزی ڕێگای بتەکێنێ و ملی ڕێگا بگرێتەوە، ئەگەر ورەی بەرز و هیوای قایم پشتی نەگرێ؟! ئەمانە و گەلێک پرسیار و مەرجی تر لە بەردەمی هەر بزوتنەوەیەکی قوول و رەسەنی کۆمەلایەتی دایە، کە نەمانی کۆیلەتی مەبەستە و خەو بە بەختەوەری و ئاسودەیی کۆمەڵگا و مرۆڤەوە دەبینێ و سڕینەوەی چەوساندنەوە لە تەوێڵی کۆمەڵگای ئینسانی گەرەکە.

دووری و نزیکی سەرکەوتنی ئەو بزوتنەوەیە و هەر بزوتنەوەیەکی لەو چەشنە تا رادەیەکی زۆر گرێ دراوە بەو پێویستییانە. بزوتنەوە ئەگەر بە چەکی روخانی کۆن و کەرەسەی بنیات نانی نوێ تەیار نەبێ، لە زمانی هەر دوو لا شارەزا نەبێ، زەحمەتە خۆری سەرکەوتن لە ئامێز بگرێ. سەرهەڵدانی کۆمەڵە و لە دایکبوونی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە ولامێک بوو بەو پێویستیە مێژووییە لە کوردستان، کە تا ئێستا لەسەر یەک ئەو نەخشە مێژووئیەشی بە باشی گێڕاوە و گەرەکیەتی بە دڵنیایی پتر و هیوا بەخۆییەکی زێدەتر، کارامەتر و وریایانەتر بە تەنگ بەرەوپێشبردن و بە ئاکام گەیاندنی ئەو ئەرکە مێژووئیە لە کورستان و ئێرانەوە بێ.

لەم ڕۆژەدا ڕێز دەگرین لە یادی ئازیز و خۆشەویست، هاورێ خانەی موعینی و هەموو ئەو ئازیزانەی کە لە ریزەکانی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەدا گیانی خویان لە پێناو ئامانجە بەرز و پیرۆزەکانیندا بەخت کرد.

یادیان بەرز و پر ڕێبوار بێت


www.rawij.com